
ئاڵەکۆک
ژمارە ٤
پووشپەڕی ١٣٨٤

# وتەی ئاڵەکۆک



قسەیەک لەگەڵ گەورەکان:

دایک و بابە خۆشەویستەکان، ئەی ئەوانەی داهاتووی پڕ لە خۆشی و کامەرانی بۆ منداڵەکانتان چاوەڕوان دەکەن. منداڵی ئەورۆ، ژن و پیاوی بە بیر و باوەڕی داهاتوون. ئەو مرۆڤانە کە بە بیر و فیکریکی ئەرێنی و بەکەڵک وەرگرتن لەورۆ و بە کار بردنی بەجێی ئەو پاشەکەوتە فەرهەنگیە، لە داهاتوودا، دەتوانن زۆر کەلێن و کەلەبەری پێکهاتوو لە درێژایی مێژووی خۆمان پڕ کەنەوە. جا بەو پێیە هاتووینە مەیدان تا خەسارێک کە لە ژیانی ئێمەدا هەبووە و پێک هاتووە، دووپات نەبێتەوە.

ئێمە توانیمان بەو هەموو کەموکوڕییە مادی و مەعنەوییە چوار ژمارە ئاڵەکۆک بنێرینەماڵەکان. مادی چونکوو ئاڵەکۆک لە هیچ شوێنێک یارمەتی ماڵی وەرناگرێ و تەنیا بە هیوای گەڕانەوەی فرۆشی ئاڵەکۆک و وێنەی منداڵانی خۆشەویست و تەبلیغات ئابوونمان بووە و هەیە. مەعنەوی چونکوو سووکایەتی بە ئەدەبیات بەگشتی، خۆی لە ئەدەبی منداڵانیش ئابوێرێ. بێ فەرهەنگی لەوەدایە کە ئەدەبی منداڵان بە سووک بگیرێ و تەنانەت ئەوانەی خۆیان بە نوێنەری خەڵک دەزانن ئەو بەشە بە چاوێکی سادە و ساکار چاو لێبکەن. داوا دەکەین بۆ وەی بتوانین لە سەر ئەو هەوڵە گرینگە فەرهەنگییە بەردەوام بین، یارمەتیمان بدەن.



هەواڵنامەی کتێب




خاوەن ئیمتیاز: ئەحمەد بەحری
دەستەی نووسەران: فەرمیدوون حەکیم زادە
یۆسف فازلی
ئەڕاحی ڕووبەرگ: شیوەن حەسەن پوور
تایپ و ڕازاندنەوە:
سروە بەحری
چاپ: نەشری ڕەهرەو - مەهاباد
مهاباد - مجله ئاڵەکۆک صندوق پستی ۲۵۷
شماره حساب: بانک رفاه شعبه صلاح الدین جاری ۱۳۹۱۰۳
E mail: alakok_mag @ yahoo.com
تلفکس: ٠٠٩٨_٤٤٢_٢٢٢١٤٢٥
موبایل: ٠٩١٤٤٤٢١٢٠٨

# قۆچەقانی دەکەم

سەلام پارسا ـ سەردەشت



قۆچەقانی دەکرم
قۆچەقانی دەکرم
لە پەنجەرانی دەگرم
لە دەرکوبانی دەگرم
لە زۆر کەسانی دەگرم
قۆچەقانی دەکرم
قۆچەقانی دەکرم
گەر بڵێم:
شتێکی بۆ خۆم دەکرم
پێیان لاسار و بەدفەرم
هەرچی بیکەم
هەر بەدفەرم
قۆچەقانی دەکرم
لە داخی وانی دەکرم
لە لووتی وانی دەگرم
لە گوێچکەیانی دەگرم
قۆچەقانی دەکرم
قۆچەقانی دەکرم
من دەڵێم: سۆنی
دەڵێن: پارە نییە
ئەدی دووچەرخە؟
دەڵێن: پارە نییە
ئەدی ئاتاری؟
دەڵێن: پارە نییە

دەڵێم: ئەی کەنگێ؟
دەڵێن: جارێ نییە
ئەی دەڵێم چارە؟
دەڵێن: چارە نییە
قۆچەقانی دەکرم
لە خشپەیانی دەگرم
لە مەشکەیانی دەگرم
لە بۆشکەیانی دەگرم
قۆچەقانی دەکرم
قۆچەقانی دەکرم
بابۆڵەم دەوێ
دایە دەڵێ: نان نییە
دەڵێم: ئەی تۆزێ پەنیر؟
دەڵێ: ئەویشمان نییە
دەڵێم: چایەکی شیرین؟
دەڵێ: شەکرمان نییە
دەڵێم: ئاخر چییە؟ بۆ؟
دایە دەڵێ: پارە نییە
دەڵێم: ئەی چارە؟
دەڵێ: چارە نییە
قۆچەقانی دەکرم
لە ئاسمانی دەگرم
لە هەورەکانی دەگرم
لە زۆر شتانی دەگرم

قۆچەقانی دەکرم
قۆچەقانی دەکرم
دایکم دەڵێ:
دە پیاوە بچۆ کارێ
دەڵێ:
بەخوا ژنێ کار نییە.!
دەڵێ حەمباڵی؟
دەڵێ: بار نییە.!
دەڵێ دەسگێڕی؟
دەڵێ:
بۆ ئێمە بازار نییە.!
دەڵێ: ئەی چارە؟
دەڵێ: چار نییە
قۆچەقانی دەکرم
لە ڕیشەیانی دەگرم
لە پیشەیانی دەگرم
لە مێشەیانی دەگرم
قۆچەقانی دەکرم
قۆچەقانی دەکرم



# بووکە شووشە

ئاڵا گوڵمحەممەدی ـ بۆکان

بووکەشووشەکەم جوانە
قژی دەکەم بە شانە
کوڵم و لێوی سوور دەکەم
کلی لە چاوان دەکەم
ملوانکەی لە مل دەکەم
پشتێندی بۆ شل دەکەم
گوڵ و گوارە و لەرزانە
کراس و سیخمە و پاوانە
دەیڕەنگێنم وەکوو گوڵ
تا شیرین بێ پڕ بە دڵ
گوارە و کرمەک و مووروو
وەرزی دیلی بە سەر چوو
ئیتر چارشێو و ڕووبەند
بۆ ئەو ناکەم بە کەمەند
تا دڵ دەخوازێ ئازاد
سەرمەست و ڕووسوور و شاد
بەرگی سێ ڕەنگی جوان
وەکوو ئاڵای نیشتمان
لە نێو هەموو منداڵان
پێم دەڵێن "ئاڵا" بووک جوان



# تێشکا بلبلم

سابیر عەبدوڵڵاهی‌زاد ـ مەرگەوەڕ

تێشکا بلبلا ڕەنگاڕەنگم ئەز
ئەقشاندی پەڕ و شیرین دەنگم ئەز
ناو باغ و دیمەن ژینێ سەر کەم
تەنیا ئەوینا گوڵ باوەڕ کەم
کەیفخۆشیا م ژین بێ ئەسیری
بێ بەند و قەفەس دەرد و فەقیری
نێچیروان ئەبن قەت قەت چ جارا
باغ بن حەریمێ ئەقش و نیگارا
کەیفخۆشیا من وەختێ بوهارێ
فێرە فڕین بم ئازاد سەر دارێ
دنیا ببینم کا چەن جووانە
ئاخر جوانی ئێ بلبلانە
تێشکا بلبلا ئاوازە ئاوم
مەشهوورە دەنگم حەوتڕەنگ و لاوم



هەواڵنامەی کتێب

شانۆ

# ئەو پشیلەیەی نەیمیاواند

نەوین ـ مەهاباد

ئەستێرە: پێنج ساڵانە کیژی هەناو

هەناو: سی ساڵانە کیژی دایەژین.

دایەژین: شێست ساڵانە.

شوێن: ژوورێکی سوننەتی.

دایەژین: ئەستێرە گیان قەت پشیلەت دیوە هەڵێ؟

ئەستێرە (بە پێکەنینەوە): سەگی چی؟ ئەرێ دایەژین پشیلە چی سەگە؟

دایەژین: پشیلە و سەگ ئامۆزایەکی دووری یەکترین و چاویشیان بە یەک هەڵنایە.

ئەستێرە: دایەژین پشیلە چۆن بۆتە سەگ؟

هەناو: کچم دایکم بە شۆخی وا دەڵێ.

دایەژین: نا نا شۆخی چی! بە ڕاستیمە. دایەژین. برێک بێدەنگ دەبێ و کاتێک دەبینێ هەر دوو چاویان لێیەتی...

دایەژین: گوێ دەنێ بۆتان بگێڕمەوە. باوکی هەناو شۆرباوی پێخۆش بوو. زوو زووم لێدەنا. جارێک لە متبەق شۆرباوم بۆ نیوەڕۆ سازکردبوو. لە ژووری بووم. دەنگی کەوتنی قابڵەمە شۆرباوەم بیست. بە دوایدا پشیلەیەک میاواندی و لە متبەق دەرپەڕی. ئەمن قیژاندم و وە دوای پشیلەکەوتم. بابیشت لە ژووری دەرپەڕی و وە دوای من کەوت. لە نێو گیاوگۆڵی حەوشەدا کۆڵەگەسکم دەست دابوویە لە پشیلە بدەم. بابی هەناو پەیتا پەیتا دەیگوت چ قەوماوە؟ ئەمدەوێرا باسی قابڵەمە شۆرباو بکەم.

هەر لەبەر خۆمەوە دەمگوت: پشیلەیەک خۆی لە نێو گیادا حەشار داوە. بۆم بگرە.

هەناو: دایە ئەمن چەند ساڵانە بووم؟

دایەژین: ئەتۆ ئەودەم لە نێو لانکە دابووی. ئاگات لەو ڕووداوە نەبوو.

ئەستێرە: ئەدی باوکم؟

دایەژین: بە قوربانت بم باوکت هاوسێمان بوو. تازە چووبوو قوتابخانە.

هەناو: دایە پشیلەکە چی لێهات؟



دایەژین: گیاوگۆڵی باغچە هەستابوو. باوکت گوتی پشیلە بە خاترجەمی لەو نێوەدا خۆی حەشار داوە. بە قسەکەی، خۆم ئەشەمزاند گوتم خاترجەمم هەر ئەو پشیلە سوورەیەی بەیانانە بە گوێسوانەدا دەڕوا و دەمەلاسکەمان دەکا.

ئەستێرە: دایەژین پشیلە دەمەلاسکەش دەکا؟

دایەژین: لووتی خێج بوو. وا وێدەچوو.


هەناو: دەی دایە.

دایەژین: باوکت وە نێو گیای حەوشە کەوت و لە جیاتی پشیلە تووتکێکی سپی دیتەوە، نیوەی گیانی بە شۆرباو بوو. باوکت بێ ئەوەی وە سەر خۆی بێنێ تووتکەکەی برد و لە سەر دیواری نێوە ڕووخاوی حەوشەی دانا و گوتی، پشیلەی ئەو دەور و زەمانەی ئەوەندە بێشەرم بوونە خۆیان بە هەزار ڕەنگ دەگۆڕن. ئەستێرە و هەناو پێدەکەنن.

هەناو: فەقیرە باوکم داخوا لە برسان چی کردووە.

دایەژین: نا نا ئەوێ ڕۆژێ دەمودەست

هێلکەورۆنێکی چەورم بۆ ساز کرد.



ئەستێرە دیسان پێدەکەنێ و قاقای دەکێشێ. لە دەرگا دەدەن. هەناو ئەستێرە دەنێرێ دەرگا بکاتەوە. ئەستێرە بە ئاقایلی دەچێ. دوای ماوەیەک هەناو بە دایەژین دەڵێ:

هەستە با بڕۆین.

دایەژین: بۆ کوێ؟

هەناو: دەزانم ڕزگاری مێردمە. نۆرەی منە شۆرباوێک بۆ ڕزگار سازکەم.

ئەستێرە دێتەوە ژوور: باوکمە.

دایەژین پێدەکەنێ، هەر سێ پێکەوە وە دەر دەکەون.



هەواڵنامەی کتێب



# فێر بوونی زبانی کوردی ٣

نووسینی: سەید عەبدوڵڵا سەمەدی
ئامادەکردنی: فەرەیدون حەکیمزادە

ەم:

ەویستەکان ئاڵەکۆك لە وانەی سێهەمدا دەیهەوێ باسی جیاوازی ئەلف و بێی کوردی لەگەڵ ئەلف و
بی و فارسی بکا.

کوردیدا شەش سەدای "ث ـ ص ـ ض ـ ذ ـ ظ ـ ط" نانووسرێن. بەڵکوو بەجێی ئەوان " س ـ ز ـ
رێن. لە کوردیدا زۆر پیتی تایبەتی هەن کە لە ئەلف و بێی عەرەبیدا نین. وەکوو: ڕ ـ ڵ ـ ڤ ـ چ
گ ـ وو ـ ۆ ـ ێ

پیتی تایبەتی کوردی "ڕ ـ ڵ ـ ڤ ـ وو ـ ۆ ـ ێ" تەنیا چواریان عەلامەتی "٧" دەگرن " ڕ ـ ڵ ـ ۆ ـ
"ڕ"دا لە خوارپیتەکە و لە باقی پیتەکان لە سەرێ دادەنرێ.

کوردیدا تەنیا ئەو عەلامەتە هەیە "٧" و هیچ شتێکی تر لە سەر پیت دانانرێ.

"ر" لە زبانی کوردیدا جارێکیان بە نووکی زبان دەگوترێتەوە و "ڕێی بچووك یان لاوازی" پێدەڵێن و
ەتێکی نیە. وەکوو: شار.


وەك ئەوەی کە تەشدیدی بۆ دانێی کە پێی دەڵێن ڕێی گەورە یان قەڵەو. وەکوو: وەڕەز بووم.

| ڕێی بچووك | ر | ڕێی قەڵەو | ڕ |
| --- | --- | --- | --- |
| مریشك | | شەڕ | |
| مردوو | | ڕێوی | |
| دیوار | | کرێوە | |
| شار | | پڕشنگ | |
| پرچ | | مەڕ | |

موزش خواندن و نوشتن زبان کردی با الفبای عربی ـ کتاب یکم، نوشته: سید عبداله








١ـ ئەگەر پشیلە لە ماڵ نەبێ، ئەو تلیتلییەتی.
٢ـ مانگی پووشپەڕ بە فارسی دەبێتە چی؟
٣ـ مەرکەزی پارێزگای ئوستانی کوردستان.
٤ـ شاری مامۆستا عەباس حەقیقی شاعیری گەورەی کورد.
٥ـ ئەوشێن شاری شیمیا لێدراوی جیهانە و لە ئوستانی ڕۆژئاوای ئێراندایە.
٦ـ وەرزی پشووەدانی منداڵە مەدرەسەیی‌یەکانە.

وڵامی دروستمان بۆ بنێرن، تا سێ کەس خەڵات بکەین.

بەرەندەی جەدوەلی ژمارە ٢ی ئاڵەکۆك
ئەسرین شەریفی ـ سەردەشت

آگهی

| | |
| --- | --- |
| ١ـ هزینه اشتراک سالانه | ٣٦٠٠٠ ریال |
| ٢ـ هزینه چاپ عکس عزیزانتان تمام رنگی | ٢٥٠٠٠ ریال |
| ٣ـ هزینه چاپ تبلیغات مکانهای تجاری پشت جلد ٤ رنگ | ١٠٠٠/٠٠٠ ریال |





هەواڵنامەی کتێب

# مامە هاوڕێ هاتەوە

جگەرگۆشە چاوگەشەکانم! دیسان هاتوومەوە بۆ لاتان. ژمارەی ٣ی گۆڤاری ئاڵەکۆکتان خوێندەوە؟ هیوادارم بە دڵتان بووبێ و هەموو سەری مانگێک ببێتە میوانی دڵە پاک و بێ خەوشەکانتان.

گوڵەجوانەکانم ئەم بەیانییە کە لە ماڵێ هاتمەدەر و گەیشتمە سەر شەقام، چاوم بە کوڕێکی زیکەڵە و خوێنشیرین کەوت، لە پەنا دارتێلێک دانیشتبوو. دوو سێ جووتێ دەمپایی لەبەر دەمیا ڕیز کردبوو، قەرتاڵە و توورەکەی فڵچە و بۆیاغەکەشی لە پەنا خۆی دانابوو. چوومە پەنای و سڵاوم لێکرد، خێرا هەستا پێ و کوتی: مامە کەوشەکانت بۆ واکس بکەم. کوتم: واکسی بکە چاوەکەم. دەستی کرد بە بۆیاغ کردن و خێراخێرا فڵچەی بە کەوشەکەدا دێنا. کوتم: ناوت چییە؟

سەری هەڵێنا و بە بزەیەکی شیرینەوە کوتی: ناوم هیوایە. کوتم: هیوا گیان ئەی دەرس ناخوێنی؟

کوتی: با مامە گیان، پۆلی سێهەمی سەرەتایی بووم. دەرسمان تەواو بووە و تا پاییزێ ناچینەوە مەدرەسە. پاییزێ دەبمە پۆلی چوار. هەتا وەختی مەدرەسە دێتەوە کار دەکەم. ئاخر مامە گیان باوکم پشتی دێشێ و ناتوانێ بە داشقەکەی باری قورس هەڵگرێ. هەموو ئێواران پووڵەکانم دەدەم بە باوکم.

کەوشەکانم لە پێ کردەوە و پووڵەکەم پێدا و خودا حافیزیم لێکرد. بەڵام دڵم هەر لە لای هیوا بوو. ئێوارێ کە گەڕامەوە هیوا هەر لەوێ دانیشتبوو. دیسان چووم بۆ لای، کاغەزێکی بە دەستەوە بوو لەبەرخۆیەوە دەیخوێندەوە. کوتم: ئەو کاغەزە چییە هیوا گیان؟

کوتی: مامە ئەوە شێعرە، خۆم نووسیومە. کوتم: دەکرێ بۆم بخوێنییەوە؟

کوتی: بە سەر چاو مامە گیان. دەستی کرد بە خوێندنەوە، شێعرەکەی ئەوەندە جوان و هەست بزوێن بوو، وە گریانی خستم. منیش داوام لێکرد شێعرەکەم بداتێ بۆ "ئاڵەکۆک". ئێوەش شێعرەکەی بخوێننەوە و بزانن چەندە منداڵی وەک ئێوە هەیە و زۆرتان لە خۆشیدا دەژین و زۆریشیان وەک هیوا ڕۆژ تا ئێوارە زەحمەت دەکێشن و ماندوو دەبن، بەڵام دڵیان پڕ
لە هیوا و ئارەزووە.



***بۆیاغ***

هەموو ڕۆژێ بەیانی
لەگەڵ بابم هەڵدەستم
توورەکە بۆری فڵچە و
بۆیاغ دەگرمە دەستم
دەچم دەسووڕێمەوە
بە کۆڵان و شەقاما
چاوم لە لاقی خەڵکە
دێن و دەڕۆن بە لاما
هەر کەس دێت و ڕادەبرێ
چاو دەکەم لە پێڵاوی
دڵخۆش دەبم دەبینم
کەوشی پیس و خۆڵاوی
خێرا دەنگم هەڵدێنم
بۆیاغ دەکەم بە هەرزان
پێت جوان ئەبوو لەپێی کە
پووڵی ئاوێ کاکە گیان
ئێوارە و تاریکانە
داشقە بەڕیز دەوەستن
سێو و هەنار و هەرمێ و
پرتەقاڵ ڕیز دەبەستن
چاویان پێدا دەگێڕم
خودایە چەندە خۆشن
پووڵی کیلۆم پێ نییە
بە دانەش نایفرۆشن
دەڕۆمەوە بۆ ماڵێ
بە ماندوویی و بێ حاڵی
دوای من بابم دێتەوە
بە داشقەو دەستی خاڵی
پووڵەکانی پێدەدەم
دەستێ بە سەرما دێنێ
ڕوو دەکاتە دیوار و
شانی هەڵدەتەکێنێ
شان و پشتی خۆڵاوی
بە کار کردن چەماوە
چاوی تەڕی دەبینم
کە ڕوو دەکا بەملاوە
من و خوشکم دەیشێلین
هەمیشە پشتی دێشێ
چاوی پڕ لە فرمێسکە و
هەناسە هەڵدەکێشێ
دەنگی نووساوی دایکم
دێ لەودیوی دەرگاوە
شەوێ میوا نمان دەبێ
ڕۆڵە میوەت هێناوە؟



ئەوەش شێعرەکەی هیوا بوو. گوڵە جوانەکانم! ئێوەش وەک هیوا ژیر و ئاقڵ بن و ڕێز لە دایک و بابتان بگرن. تا ژمارەیەکی دیکەی "ئاڵەکۆک" خواتان لەگەڵ.

هەواڵنامەی کتێب

# جووچکی وریا

سولەیمان شەریفی ـ بۆکان

گوێ بگرن منداڵینە
بۆو چیرۆکە شیرینە
چیرۆکی کوردی خۆمان
کە داپیر دەیکوت بۆمان
لە ژێر کورسی بە زستان
شەوچەلە لەبەر دەستان
داپیرە وای گێراوە
دەیگوت زوو وا قەوماوە
ڕۆژێ مریشك و جووچکان
هاتبوونە دەرێ بۆ دان
بە دەندووك لە زەوی دان
ڕۆیشتن بەرەو مێرگان
مریشك بە قرتە قرت
سەری خۆی بڵند ڕاگرت
ڕوانی بە هۆی ئاو و دان
دوور بوونەوە لە هێلان
بانگی کرد لە جووجەڵان
وەرن شیرینتر لە گیان
بەرەو ماڵ دەبینەوە
ڕێگەی خۆ دەگرینەوە
جووجەڵەی جوان و قەڵەو
کۆوە بوون لە دەوری ئەو
جووچکی بژاردن هەموو
بەڵام یەکیان کەمی بوو
جووچك بە هۆی دانی خۆش
جوێ ببۆوە بەبێ هۆش
گرتبوویە بەر ڕێی کێوی

تا گەییوە لای مام ڕێوی
مام ڕێوی برسی فێڵباز
کە جووچکی دی لە ڕێباز
کوتی ڕێویم بە دهۆم
دەبێ هەر ئێستە بتخۆم
بەستەزمان جووجەڵە



کە دی کەوتوتە تەڵە
ڕووی کردە مامە ڕێوی
کە ئاو دەتکا لە لێوی
ئێستە مەرگم نزیکە
بێڵە تێر بکەم جیکە
ڕێوی ئیزنی جووچکی دا
پڕ بە دڵ جیکەجیك کا
بە دەنگی بەرز دەیجیکاند
تا دایکی خۆی تێگەیاند
جیك جیك جیك دایە گیان
ڕێوی هەر دەمخوا ئەلان
ئەگەر فریام نەکەوی

شەوێ بێ من دەخەوی
دایك و جووچك بە خێرا
چوونە هانای بە تێکرا
دەس لە دەستی یەك هەموو
گرتیان دەوری ڕێوی زوو
لە چاویان دا بە دەندووك
ڕنیان گیانی بە چرنووك
تا ڕێوی هاتەوە خۆ
پێیان نەهێشت پەڕ و پۆ
چاو کوێر و کلك قرتاو
هەڵات ڕۆیی بە پرتاو
ئا بەو شێوەیە ڕێوی
هەڵاتەوە بۆ کێوی
مریشك و جووچکی هێژا
هاتنە خوارێ بە لێژا
بەرەو ماڵیان چوونەوە
دیسان لێك کۆ بوونەوە
منداڵان گوێتان لێبوو
ڕێوی بە چ دەردێ چوو
پشتی یەك بگرن هەموو
ئەگەر دوژمن تووشو بوو
دوژمن یەك بێ و ئێوە چوار
دەبێتە پەندی ڕۆژگار
ئەگەر لێك جیا بن ئێوە
وەکوو مار دەدا پێوە
گەلێ یەکی گرت ئەگەر
داری هەوڵی دێتە بەر



# سمۆرە چی دیت



نووسەر: کێتلین ئارنۆت
وەرگێڕ لە فارسییەوە: ئارام حەسەنپوور ـ بۆکان

ڕۆژێك لەو ڕۆژە گەرمەکانی هاوین بوو، مارێکی سەوزی چکۆلە تێری خوارد و پێی خۆش بوو لە سەر چیمەن بخەوێ. چیمەنێکی نەرمی دییەوە و هەر لەوێش خەوی لێ کەوت. لە سەر ئەو دارەی وا مارەکە لە ژێری خەوتبوو سمۆرەیەك دەژیا. خۆر لە پووڵەکەکانی سەر پشتی مارەکەی دەدا و بریقەی دەهات. سمۆرە زانی کە خوارێ ماری لێیە. سمۆرە دەستی کرد بە قیژەقیژ. قیژەقیژی سمۆرە بە گوێی ڕاوچییەك گەیشت. لە دڵی خۆیدا گوتی: سمۆرە ئەم قیژە قیژەی لە چیە؟! ڕاوچی وردە وردە چوو بۆ ژێر دارەکە. لە پڕا چاوی بە مارێك کەوت کە خەوی لێ کەوتبوو. گوتی: سمۆرە لە بەر ئەم مارە دەقیژێنێ. ڕاوچی لە دڵی خۆیدا گوتی: ئەم مارە نە بە کەسەوە دەدا نە گۆشتەکەی بۆ خواردن دەبێ. ئەگەر وایە لێی دەگەڕێم.

قیژەقیژی سمۆرە بە گوێی ڕاوچییەکی دیکە گەیشت ئەویش گوتی: بزانم بۆ ئەو سمۆرەیە دەقیژێنێ و تیروکەوانەکەی ئامادە کرد، بەڵام کە مارەکەی دی گوتی: ئەگەر ئەمە بەرمەوە بۆ ماڵێ خێزانم دەستخۆشیکم پێ ناڵێ. لەبەر ئەوە لەوێ دوور کەوتەوە. تەواوی ئەم کاتە لەولای سمۆرە و ئەوانەوە، مارێکی کوبرا خۆی ڕاکێشا بوو. مارەکە ڕۆژێکی سەختی بە سەر بردبوو، چونکە سێ ڕاوچی لەبەر ژەهر و گۆشتەکەی ئەوەیان ڕاو ئابوو. ئەو هەر سێ جار هەڵات بوو، بەڵام دەترسا ئاخری ڕاوچییەکان بیکوژن. وەختێك ماری کوبرا ماری سەوزی گیاخۆری دیت وەیزانی جیگای ئەو جێیەکی جادووییە. پێی وابوو ئەگەر لەوێ بخەوێ کەس کاری پێی نیە. خۆشی و بە هووشە هووش چوو بۆ لای مارە گیاخۆرەکە و خەوت. سمۆرە لە سەر دارەکەوە هەموو ڕووداوەکەی دیت. دیسان دەستی کرد بە قیژەقیژ. بەڵام ماری کوبرا ئەو دەنگەی زۆر بیستبوو لەوێ خەوی لێ کەوت. هەر لەو کاتەشدا ڕاوچییەکی تر لەوێوە تێدەپەڕی گوتی: سمۆرە قەت لە خۆوە ناقیژێنێ کە وایە دوای دەنگەکەی دەکەوم ڕەنگە بۆ شام نانێکم دەست کەوێ. ڕاوچی لە کاتێك دا چەقۆکەی بە دەستەوە بوو بە ماتە ماتە چوو بۆ پەنای دارەکە، مارە کوبراکەی دی چەقۆیەکی لێدا و کوشتی. دوایە مارەکەی هەڵ گرت و خستییە ناو توورەکەکەیەوە. ڕاوچی پێدەکەنی و خۆشحاڵ بوو کە نانی ئەم شەوی دەست کەوتووە. پیاوەکە سەری بەرز کردەوە و بە سمۆرەی گوت: "سپاست دەکەم ئەگەر تۆ لێرە نەبوایەی من ئەم مارەم نەدەدۆزییەوە". دوایی بە شادی و خۆشییەوە بەرەو ماڵ ڕێ کەوت. سمۆرە کە هەموو ڕووداوەکەی بە جوانی دیبوو گوتی: وا ئەمجارە ڕزگارم بوو بەڵام دەبێ بۆ جارێکی دیکە چاك ئاگام لە خۆم بێ تا وەکوو مارەکە نەکوژرێم.



سەرچاوە: بچەهای کوزەای ـ چاپ اول ۱۳۸۰ نشر افق، تهران. ـ ترجمه به فارسی، رضوان دزفول.































# کەڵەکێوی و ڕاوچی

نووسینی لئۆتۆلستۆی

وەرگێڕ: نارین و ژیار

ڕۆژێک لە ڕۆژان پۆلێک ڕاوچی کەوتنە شوێن کەڵەکێوییەک. ڕاوچییەکان بۆ گرتنی ئەو نێچیرە* قەڵەو و پڕ خەزوبەزە بە توندی کەوتبوونە شوێنی. کەڵەکێوی لە بۆ ڕزگار کردنی گیانی، بە سەر بەرد و نێو ڕەوەزاندا ڕایدەکرد. هەڵات، هەڵات، تا لێیان نەدیو بوو. خۆی هاویشتە ناو پۆلێک ڕەز و خۆی حەشاردا. پۆلە ڕاوچی گەیشتنە ئەو شوێنە. زۆریان نواڕی*، هیچیان وە بەر چاو نەهات گەڵا و لق‌وپۆی ڕەزەکان کەڵەکێوییان تەواو لەبەر چاوان بزر کرد بوو*. ڕاوچییەکان درێژەیان بە ڕێ پێوانی خۆیاندا. زۆر ماندوو و شەکەت ببوون. دوای ئەو هەموو هەوراز و نشێوە، هێشتا تەقەیان لە تفەنگ نەهێنابوو. کەڵەکێوی بە ترسەوە ئاگای لە دەوروبەری بوو.



کاتێک زانی لە مەترسی خەڵەسیوە* پشوویەکی هاتەوە بەر. لە دەور و پشتی خۆی نواڕی و گوتی: ئێستاش کاتی لەوەڕ و حەسانەوەیە. سەیری ئەو گەڵا تازە و ناسکانە بکە، هەر خۆشە لێی بنواڕی نا... نا، چی تر ناتوانم پێشی خواردنم بگرم. ئەوەندەی گەڵا خوارد وەخت بوو بپچکڕێ و لێک‌بێتەوە. گەڵای لە ڕەز بڕی. لەو کاتەدا ڕاوچییەکان دەگەڕانەوە بەرەو ماڵ. لە پڕ چاویان بە کەڵەکێوی کەوت. هەر چی کردی و کراندنی خۆی لە کەلێنێک، پەسیوێک* نەدیو بکا، نەیتوانی دەرەتانی* دەرباز بوونی* لێ‌بڕابوو. تەقەیێک و دووان و...

دوو گوللەیان پێوە نا و وە سەر یەکیان گێڕا*.

لە دوور و نزیکی ئەو شوێنە قەڵەڕەشەیەک لە سەر داری هەڵنیشتبوو. لە سەرەتاوە ئاگای لە ڕەوتی ڕوداوەکە بوو. چاوێکی لە کەلاکی کەڵەکێوی کرد و بە قرەقڕ گوتی: "هەر دەبوو وای بە سەر بێ! ئەو شتەی یارمەتی‌دەری بوو، بنبڕی کرد."

*نێچیر: شکار *بزر: ون *خەڵەسین: ڕزگار بوون *نواڕین: چاو لێکردن *پەسیو: پەنا، گۆشە

*دەرەتان: ماوە، دەرفەت *دەربازبوون: ڕزگار بوون *وەسەر یەک گێڕان: کوشتن



هەواڵنامەی کتێب

Saba

بانک نرم افزاری

صبا

مرکز پخش جدید ترین برنامه های کامپیوتری (اورژینال)

پخش جدید ترین عناوین بازی

تایپ و حروفچینی - طراحی - پرینت

برنامه های آموزشی مخصوص کودکان

تلفن : ۰۴۴۲-۲۲۲۷۰۲۳-۲۲۳۸۳۲۸

مهاباد: خیابان جمهوری اسلامی

پاساژ ایوبی طبقه پایین



Saba

بانک نرم افزاری

صبا

مرکز پخش جدید ترین برنامه های کامپیوتری (اورژینال)

پخش جدید ترین عناوین بازی

تایپ و حروفچینی - طراحی - پرینت

برنامه های آموزشی مخصوص کودکان

تلفن : ۰۴۴۲-۲۲۲۷۰۲۳-۲۲۳۸۳۲۸

مهاباد: خیابان جمهوری اسلامی

پاساژ ایوبی طبقه پایین

